# ڕەوشی ئایینی و زانایانی قەزای ئامێدی ١٨١١-١٩١٤ز لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

**پ. ی. د. موحەممەد کەلالەیی**
**(زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی ئاداب/ بەشی مێژوو)**
**( ١- ٢ )**

## پێشەکی

بەڵگەنامەکانی عوسمانی بۆ خوێندنەوە و نووسینەوەی مێژووی چوار سەد ساڵەی حوکمڕانی عوسمانی لە کوردستاندا سەرچاوەی دەگمەنن، بە تایبەتیش لە باشووری کوردستان، هەرچەندە کێماسییەکی بەرچاو دەربارەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی هەیە، بۆ نموونە: دۆسییەی تایبەتی بۆ هەر کێشەیەک، یان وڵات و ناوچە و کەسایەتییە جیاوازەکان نییە! ئەمەش بەهۆی خەسڵەتی لە مێژینەی نووسین و هەڵگرتنی تۆماری بەڵگەنامەکان، بۆیە زۆرینەی ڕەهای لە دەفتەرە زۆر و زەوەندەکانی نێو ئەرشیڤەکە لە قەبارەی جیاوازدا هەڵگیراون، هەربۆیە ناتوانرێت و ناشکرێت ئەو دەفتەرانە پەڕ پەڕ بکرێن، بۆ ئەوەی بۆ هەر بابەت و باسێک دۆسییەکی تایبەتیان لێ دروست بکرێت، هەروەها هۆکارێکی تریشی ئەوەیە سیستمی پۆلێنکردن لە ئەرشیڤەکە، تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم زۆر سەرەتایی بووە، بۆیە ئەو پۆلێنکردنە بووەتە نەریت. لەهەمان کاتیشدا ئاڵنگارییەکی بەردەوامە لەبەردەمی دەستکاریکردنی ناوەڕۆکی داتای ئەرشیڤکردنەکەدا، هەروەها هۆکارێکی تریش هەیە، تا ئێستا بە تەواوی کاری پۆلێنکاری بۆ هەموو دۆسیەی بەڵگەنامە هەڵگیراوەکانی شەش سەد ساڵ تەمەنی ئیمپراتۆریەتی

عوسمانی نەکراوە، هەر بۆیەشە سەرجەمی بەڵگەنامەکان لە داتابەیسی ئەرشیڤی عوسمانی بۆ توێژەران بەردەست نەکراوە!

ئەم ئاڵنگارییە؛ لە دوارۆژدا گرفتێک دێنێتەکایەوە، چونکە هەموو ئەو لێکۆڵینەوە و وتارە زانستییانەی بەپێی بەڵگەنامەکانی عوسمانی هەر لە ساڵی ١٩٠٨ەوە تا ئەمڕۆ نووسراون، لەگەڵ تەواوبوونی پرۆسەی پۆلێنکردنی تەواوەتی بەڵگەنامە هەڵگیراوەکانی ئەرشیڤی عوسمانی، لەوانەیە بە چەندان تا هەزاران بەڵگەنامەی نوێ بۆ هەر باس و مەسەلەیەکی لەسەر نووسراو بکەونە بەردەستی توێژەران، ئەوجا بۆیە دەبێت لە دوارۆژدا ئەگەر ئەمە ڕووی دا، کاری زۆر لە توێژەرانی مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەبێتە پێداچوونەوە و کاری تەواوکاری بێت بۆ ئەو لێکۆڵینەوە و وتارە زانستییانەی پێشووتر نووسراون، ئەمەش وەک نەریتێکی زانستیی پەیڕەوکراو.

بەهەرحاڵ ڕێگەی چارەسەر لەم ئانوساتەدا ئەوەیە، سەرۆکایەتی فەرمانگەی ئەرشیڤی عوسمانی لە ئیستەنبوڵ و ئەنقەرە، دەتوانن دۆسییەکی تایبەت بۆ هەر باسوخواسێک، کەسایەتی، ناوچە، هەرێم و وڵاتان، گوندەوار و شار و شارۆچکەکان، هەروەها عێل و عەشیرەتەکانیش بکەنەوە، چونکە بۆ هەر بابەتێک زۆر بەکەمی دەرئەنجامەکانی دەدۆزییەوە، بۆیە گرنگە خوێنەران و توێژەرانی کورد ئەم بەرچاوڕوونییەیان هەبێت.

ئەم وتارە زانستییە؛ باس لە ڕەوشی ئایینی و زانایان لە قەزای ئامێدی، لە ماوەی ساڵانی ١٨١١ - ١٩١٤ز دەکات، باسوخواسی ئایینی و زانایان، بە تایبەتی بووەتە باسێکی گەرمی نێو دامەزراوەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، چونکە ناوچەی بەهدینان بە هەبوونی زانا و قوتابخانەی ئایینی زۆر بەناوبانگ بووە، کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی لە سەر ژیانی ڕۆژانە، کاروباری کارگێڕی، جڤاکی، ئابووری، سیاسی و سەربازی عوسمانییش هەبووە، زانایانی ئایینی و قوتابخانەکانی ئامێدی بۆ هەمیشە بوونەتە جێگەی بایەخی نێو دامەزراوەکانی عوسمانی، ئەمەش بەهۆی ئەو نزیکییەی قەزای ئامێدی لە سنووره نێوخۆییەکانی عوسمانی، بەتایبەتیش لە ناوەندی ویلایەتی مووسڵ (شاری مووسڵ)، هەروەها نزیکی لە ناوچەکانی وەک هەکاری و جزیرەی بۆتان و دیاربەکر و وان، ئەمەش هەر لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە تا سەدەی نۆزدەهەم، بەڵێ؛ زۆر جاران قەزای ئامێدی، یان حکوومەتی ئامێدی (عمادیە حکومتی) بە تایبەتیش لە سەردەمی میرنشینی بەهدینان، لە چوارچێوەی کارگێڕی ویلایەتی بەغدا، دیاربەکر و دواتریش مووسڵدا بووە.

هەڵبەت ناوچەی ئامێدی، شارەکەی و میرەکانی لەلایەن سوڵتانەکانی عوسمانییەوە زۆر بە وردی و بەخشندەییەوە چاودێری کراون، بەتایبەتیش دابینکردنی ژیانی زاناکان و پارێزگاریکردن لە پێگەی قوتابخانە ئایینییەکانی ئامێدی، لە ماوەی سەد ساڵ زیاتردا (١٨١١- ١٩١٤ز)، هەر بۆیە لە ئەنجامی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنەوەی بەڵگەنامەکانی عوسمانییەوە، کۆمەڵێک ڕاستی مێژوویی لە پرۆسەی نووسینەوەی مێژووی نوێی کورددا دەردەکەون و بایەخێکی گەورەیان دەبێت، کە لەم وتارەدا بە وردەکاری زۆر نوێوە خراونەتەڕوو.

## بەخشینی زەوی

لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەخشینی زەوی بە زانایان، لە ئەنجامی خزمەتی ئایینی، زانستی، تەنانەت بەشداریکردن لە شەڕەکانی

عوسمانی بووە، بە تایبەتیش سەرپەرشت و ڕابەران و ڕێنماییکارانی ڕێبازەکانی سۆفیگەری لە چوارچێوەی هەر یەکەیەکی کارگێڕیدا بە پارچەیەک، یان چەند پارچە زەوییەک خەڵات کراون، ئەوەتا لە بەڵگەنامەیەکی دیوانی سوڵتانی عوسمانی (مەحموودی دووەم ۱۸۰۸ -۱۸۳۹ز) لە ڕۆژی ١٤ی تەشرینی دووەمی ۱۸۱۱ز بۆیان نێرراوە، تێیدا ئاماژە بە کەسایەتییەکی ئایینی بە ناوی (حاجی شێخ جوبرائیل) (۱) لە گوندەکانی (شەرمق(۲)، چەزنە(۳) و ئاسماوەی(٤)) (٥)ی سەر بە قەزای ئامێدی دەکات، پێشنیازکراوە زەوییەک بە شێوازی (مالیکانە) بە شێخی نێوبراو بدرێت، هەڵبەت ڕژێمی مالیکانە لە مێژووی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا جۆرێک لە موڵکداریەتی دەربەگایەتی سەربازی بوو، ئەمەش لە دوای ڕێککەوتننامەی (کارلۆڤیتز ١٦٩٩ز) هێنرایە کایەوە، بە مەبەستی فرۆشتنی موڵکی دەرەبەگە سەربازییەکان لە هەمبەری بڕێک پارەدا، بۆیە ئەو کەسەی زەوی بەو شێوازەی پێ دەبەخشرا، ئەوە تا لە ژیاندا بووایە سوودی لە زەوییەکان وەردەگرت، ئەمەش بە ئامانجی پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانەی لە خەزێنەی ئیمپراتۆریاکە هاتبووە ئاراوە!

### مووچە و یارمەتیدان

دامەزراوەکانی عوسمانی هەمیشە دەرگەیان بۆ داواکاری و یارمەتیدانی قوتابخانە ئایینییەکان (حوجرە و مەدرەسەکان) و خانەقا، تەکییە و گۆشەی ڕێبازەکانی سۆفیگەری کرابووەوە، ئەمەش بەپێی نووسراوێکی قەڵەمی تۆمارەکانی گشت ویلایەتەکان لە سەرۆکایەتی حکوومەتی عوسمانی، لە ڕۆژی ٤ی حوزەیرانی ١٨٦٠ز بڕیارێک بۆ موتەسەڕیفیەتی مووسڵ دەرچوێنراوە، کە یارمەتیی (حەیدەر ئەفەندی) بریکاری خانەقاکانی مووسڵ و ئامێدی بدات، ئەم فەرمانە ئەوەشی بیرهێناوەتەوە ناوبراو برای (شێخ موحەممەد ئەفەندی)(٦)یە، لەسەر ڕێبازی نەقشبەندی لە ناوچەی بەهدینان، بە شایانی ڕێز و پێدانی هاوکاری زانراوە، بەڵام بە هاوتەریبی یارمەتیدانەکان، باسوخواسی مووچە؛ ئەوە باسێکی گەرمی نێو دامەزراوەکانی عوسمانی بووە، بە تایبەتیش لە دوای کۆچی دوایی زانایان، ئەگەر میراتگریان نەبووبێت، ئەوە مووچەکەیان بەسەر زانایانی تردا دابەش کراوە! بۆیە لەکاتی مردنی زانایەک و زانینی بڕی مووچەکەی ڕاستەوخۆ داواکاری بۆ ئیستەنبوڵ پێشکەش کراوە، تا مووچەی هەر زانایەکی کۆچکردوو بەسەر کۆمەڵێک زانا و هاوپیشەی تردا دابەش بکرێت، ئەمەش لە ئەنجامی چاوەڕوانییەکی کەم و زۆری ئەو زانایانەی مووچەیەکیان لە وەزارەتی دارایی و خەزێنەی عوسمانیدا نەبووە، هەروەها بەپێی نەریت و قانوونی ئەو سەردەمیش بۆ دامەزراندن و تەرخانکردنی مووچە بۆ هەر کەسێک، دەبوایە شوێنێکی چۆڵبوو لە لیستی دامەزراندنی فەرمانبەران و بەخشینی مووچەدا هەبووبێت!

جێی بەبیرهێنانەوەیە، ڕۆژی ١٩ی شوباتی ١٨٦١ز فەرمانگەی ئیرادەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی داواکارییەکی بۆ سەرۆک وەزیرانی عوسمانی ناردووە، تێیدا داوا کراوە مووچەی (قاسم ئەفەندی)(٧) زانا و دانیشتوویەکی قەزای ئامێدی بووە و بڕی مووچەکەی (١٦٦ قروش و ٢٦ پارە) بووە، لە ئەنجامی ئەوەی هیچ کەسێکی نەبووە، بەڵام پێشنیازکراوە مووچەی ناوبراو بدرێت بە چوار کەس. لەوانە: برازاکەی (عەبدولڕەحمان ئەفەندی)(٨) قوتابی

زانستە شەرعییەکان، (عەبدوڵلەتیف ئەفەندی موفتی زادە)، هەروەها دوو کەسایەتی لە زانا و سەییدەکانی شاری مووسڵ بە ناوی (سەیید ئەحمەد ئەفەندی و سەیید عەلی ئەفەندی)، لەگەڵ ئەم داواکاریەشدا وەزارەتی ناوخۆ ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی هاوپێچ کردووە و بۆ سەرۆک وەزیرانی عوسمانی ناردووە، بۆ ئەوەی فەرمانی پەسەندکردن، یان پەسەندنەکردن لەسەر داواکارییەکە بدات، بەڵام ڕۆژێک دواتر لە ٢٠ی شوباتی ١٨٦١ز لە پەراوێزی هەمان بەڵگەنامەدا سەرۆک وەزیرانی عوسمانی (موحەممەد ئەمین پاشای قوبرسی) ڕایگەیاندووە: ئەم داواکارییەتان و ڕاپۆرتی هاوپێچی خراوەتە بەردەمی سوڵتان (عەبدولمەجیدی یەکەم ١٨٣٩ – ١٨٦١ز) بۆ دەرچوواندنی فەرمانێکی سوڵتانی بۆ دابینکردنی مووچە، بۆ کەسانی پێشنیازکراو، کەواتە: بەخشینی مووچەی کەسانی مردوو، بەتایبەتیش زانایان، پێویستی بە دەرچوواندنی فەرمانی سوڵتانی عوسمانی هەبووە، بۆیە ئەنجامەکەی هەر ئەوە بووە، سوڵتان ڕەزامەندی لەسەر داواکارییەکەی وەزارەتی ناوخۆ و دارایی عوسمانی دەربڕیوە، چونکە لە وەڵامی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عوسمانی دەردەکەوێت ڕەزامەندییان لەسەر داواکارییەکە دەربڕیوە، بەڵام وەک کارێکی بیرۆکراسی کارگێڕی، هەر پێویستی بە دەرچوواندنی فەرمانی سوڵتانی هەبووە.

سەبارەت بە یارمەتیدانی کەسایەتی و هاووڵاتیانی ئاساییش کارێکی بیرۆکراسیانەی کارگێڕی عوسمانی بووە، بە تایبەتیش کاتێک هاووڵاتییەک لە ئاینەکانی جوویی و مەسیحیی بۆ ئایینی ئیسلام موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاندبێت، ئەوە خەڵاتی موسڵمانبوونەکەی لەلایەن دامەزراوەکانەوە پێ بەخشراوە، ئەمەش لە نووسراوێکی وەزارەتی ناوخۆدا ئاماژەی پێ کراوە، کە هەر یەک لە (پوری و سلیقوا) بە بنەڕەت جوو و دانیشتووی قەزای ئامێدی سەر بە سەنجەقی هەکاری لە ویلایەتی وان موسڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاندبووە، بۆیە تۆماری قەڵەمی وەزارەتی ئاماژەپێکراو، ڕۆژی پێنجشەممەی ٢١ی نیسانی ١٨٩٢ز داوای لە ویلایەتی وان کردووە بڕی (٣٠٠) قروش بۆ هەردوو کەسی موسڵمانبوو لە بودجەی ساڵی ١٨٩١ز، دارایی بۆ ناوبراوان تەرخان بکات.

دوای ئەو نووسراوەی ڕۆژی چوارشەممەی ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٨٩١ز لە وەزارەتی ناوخۆی عوسمانییەوە دەربارەی موسڵمانبوونی دوو جووەکەی قەزای ئامێدی هاتووە، کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوون لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بە تایبەتی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بووە، بۆیە دامەزراوەکانی عوسمانی لە موسڵمانبوونی ئەم دوو جووە لە شوێنێکی بەو شێوە دوورەدەستە کەمتەرخەم نەبوونە، بەڵکوو ئاگادار بوونە و هەوڵی پاداشتکردنی ئەم دوو کەسەشیان لە ڕێگەی دامەزراوە فەرمییەکانەوە خستووەتەگەڕ، بەشێکی ئەم گرنگیپێدانەش بۆ سیاسەتی حکومەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی دەرکەوتنی ڕاپەڕین و شۆڕش تا جیابوونەوەی گەلانی ناموسوڵمان و نەتەوەکانی غەیرە تورک لە ئیمپراتۆریای عوسمانی، هەروەها دەرکەوتنی بزووتنەوەی جووەکان لە ئەورووپا بۆ دۆزینەوە و بنیادنانی نیشتمانی نوێی جووەکان لە سەر خاکی عوسمانی، لەوانە: فەڵەستین.

هەر سەبارەت بە تەرخانکردنی مووچە بۆ زانایان ئەوە ڕۆژی سێ شەممە، ١٠ی نیسانی ١٨٩٤ز، ئەنجوومەنی کارگێڕی ویلایەتی مووسڵ

مەزبەتەیەکیان بۆ وەزارەتی ناوخۆیی عوسمانی ناردووە، تێیدا بارودۆخی زانایەکی ناحیەی بەرواری باڵای ئەو کاتەیان لە گوندی (ماییێ) (٩) بە ناوی (تەها ئەفەندی) (١٠) خستووەتەڕوو، بۆیە داوایان کردووە مووچەیەکی تایبەتی بۆ دابین بکرێت، ئەمەش لە پای کاری زانستی و وانەگوتنەوەکانی بە کەسانی نەزان و کۆچەری لە ناوچەکەیدا، چونکە سوودێکی زۆریان لێ وەرگرتبووە و ئەمەش ڕۆڵ و پێگەی مەدرەسەی زانستی (ماییێ) (١١) دەردەخات.

هەر لەبەر ئەمەشە وەزارەتەکە ڕۆژی پێنجشەممەی ٨ی حوزەیرانی ١٨٩٣ز داوای لە سەرۆک وەزیری عوسمانی (ئەحمەد جەواد پاشا ١٨٩١ - ١٨٩٥ز) کردووە، مووچەیەکی شایستە بۆ زانای ناوبراو تەرخان بکات، بۆیە سەرۆکایەتی حکوومەتی عوسمانیش لە ٣١ی ئایاری ١٨٩٤ز، لە نووسراوێکی بە ژمارە (٦٩٠) ئاراستەی وەزارەتی دارایی کردووە، تێیدا ڕەزامەندی لەسەر دابینکردنی مووچەیەکی مانگانە بۆ (تەها ئەفەندی) دەربڕیوە، لەبەر ئەوەی ناوبراو خۆی بۆ کاری زانستی و وانەوتنەوە تەرخان کردبوو، سەرەڕای ئەوەی هەژار و دەستکورتیش بووە، وادیارە ئەمەش لەسەر داواکاری ئەنجوومەنی کارگێڕی ویلایەتی مووسڵ و وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی بووە.

جێگەی خۆیەتی ئەوەش بەبیربهێنینەوە لە دوای سێ و چوار ساڵ لە ناردنی داواکاری یەکەم بۆ یارمەتیدانی یەکێک لە بریکارەکانی خانەقاکی (شێخ موحەممەدی نەقشبەندی) لە بامەڕنێ، کە برای شێخی ناوبراو بوو، ئەوە دیسان ویلایەتی مووسڵ ڕۆژی شەممەی ١٩ی ئایاری ١٨٩٤ز، داواکارییەکیان پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ بۆ تەرخانکردنی مووچەیەکی شایستە بۆ دانیشتوویەکی گوندی بامەڕنێ (١٢) لە قەزای ئامێدی بەناوی (عەلائەددینی کوڕی شێخ موحەممەدی نەقشبەندی بامەڕنی) کردووە، چونکە بارودۆخی ژیانی ناوبراو خراپ بووە، هەتا لە ڕۆژی سێشەممەی ٢٦ی حوزەیرانی ١٨٩٤ز، داواکاریی ناوبراو لە وەزارەتی ناوخۆوە گەیشتووەتە بەردەمی سەرۆک وەزیرانی عوسمانی (ئەحمەد جەواد پاشا)، بەڵام جێگەی سەرسوڕمانە ڕۆژێک دواتر بە نووسراوی ژمارە (٩٢٧)، لە ڕۆژی چوارشەممەی ٢٧ی حوزەیرانی ١٨٩٧ز، سەرۆک وەزیرانی عوسمانی فەرمانی بە وەزارەتی دارایی کردووە، مووچەیەکی دیاریکراو بۆ کوڕی شێخی ئاماژەپێکراو تەرخان بکەن، بەڵام وادیارە لە نێو بەڵگەنامەکاندا دوای بیست ساڵ، هەمان داواکاری (تەرخانکردنی مووچە)، بەڵام بۆ برایەکی تری بە ناوی (شێخ بەهائەددینی نەقشبەندی بامەڕنی) (١٣) دەخرێتەوە بەردەمی کاربەدەستانی عوسمانی و مێژووەکەی بۆ ڕۆژی هەینی ٢١ی ئابی ١٩١٤ز دەگەڕێتەوە، بۆ جارێکی دی والیی ویلایەتی مووسڵ (سلێمان نەزیف ١٩١٣-١٩١٦ز) داوای کردووە بە خێرایی کارەکانی دابینکردنی مووچەی (شێخ بەهائەددینی بامەڕنی) جێبەجێ بکرێن! بەڵام وادیارە هیچ وەڵامێک، یان ئەنجامێکی نەبووە، بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستن، ئەمەش لە دوای هەڵایسانی یەکەمین شەڕی جیهانی ١٩١٤- ١٩١٨، ئەگەری ئامادەکارییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ چوونە نێو شەڕە گەورەکە (الحرب العظمی Great War)ی جیهانی ئەوکات، بۆیە عوسمانییەکان هەر زوو سیاسەتی سکهەڵگوشینیان گرتبووەبەر، بۆیە لایان لە دابینکردنی مووچە بۆ کەسایەتییەکان نەکردووەتەوە!

سەبارەت بە یارمەتیدانی زانایانی ئایینی ناوچەی بەهدینان، بە تایبەتیش قەزای ئامێدی پرۆسەیەکی بەردەوام بووە، ئەوەتا لە نووسراوێکی تری سەرۆکایەتی حکوومەتی عوسمانی بۆ وەزارەتی دارایی لە ڕۆژی ١٢ی ئەیلوولی ١٨٩٦ز هاتووە، کە مووچەیەکی گونجاو لە خەزێنەی دەوڵەت، یان لە داهاتی ئەوقافی گشتی بۆ (تاهیر ئەفەندی)(١٤) مامۆستای زانستە شەرعییەکان لە گوندی (مایی) لە قەزای ئامێدی تەرخان بکرێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو بە بڵاوکردنەوەی زانست سەرقاڵ بووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بارودۆخ و ژیانی ناوبراویش هەر خراپ بووە، ئەمەش لەسەر ڕاسپاردەی نووسراوێکی ویلایەتی مووسڵ بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە ژمارە (٢٤٨٧) لە ١٠ی ئەیلوولی ١٨٩٦ز بووە، کەواتە: سەرەڕای تەرخانکردنی مووچە بۆ زانایەک، بەڵام خێراییەکیش لە جێبەجێ کارەکەدا دەبینرێت، چونکە بە ماوەی دوو ڕۆژ لە ١٠-١٢ی ئەیلوولی ١٨٩٦ز لە ویلایەتی مووسڵ بۆ وەزارەتی ناوخۆ و سەرۆکایەتی حکوومەتی عوسمانی، ئەوجا وەزارەتی داراییەکەی، ئەوە بڕیاری تەرخانکردنی مووچەیەکی گونجاو بۆ ناوبراو دراوە، ئەمە لە مێژووی کارگێڕی عوسمانی ئەو خێراییە زۆر بە کەمی دەبینرێت، بەڵام هەبوونی تەلەگراف خێراییەکی باشی بە جێبەجێکردنی مامەڵەکەی بەخشیوە.

هەر لەبارەی ئەم زانایەوە، لە بەڵگەنامەیەکی تری عوسمانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەردەکەوێت، بۆ جارێکی دی ناوی کەوتووەتە بەردەمی سەرۆکایەتی حکوومەتی عوسمانی بۆ ئەوەی بە تەرخانکردنی مووچەیەک خەڵات بکرێت، ئەمەش لە پای نووسینی شیعرێک بە زمانی عەرەبی بەبۆنەی ساڵیادی لە دایکبوونی (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم) و سەرۆک وەزیرانی عوسمانی، بۆیە پێشنیازکراوە مووچەیەک لە خەزێنەی ویلایەتی دیاربەکر بۆ ناوبراو تەرخان بکرێت، ئەمەش لەسەر پێشنیازی وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی بووە بە ژمارە (٤٢٨٦) لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٤ز، بۆیە دوای دوو ڕۆژ لە ناردنی ئەم پێشنیازە سەرۆکایەتیی حکوومەتی عوسمانی ڕۆژی ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٤ز نووسراوێکی بۆ وەزارەتی دارایی ناردووە، تێیدا ڕەزامەندی لەسەر پێشنیازەکەی وەزارەتی ناوخۆ دەربڕیوە، بە تەرخانکردنی مووچەیەک لە ویلایەتی دیاربەکر بۆ (موحەممەد تاهیر چەلەبی زادە ئەفەندی) ناسراو بە (مەلا تاهیری مایی)، هەر لەم نووسراوەدا ئەوەی بیرهێناوەتەوە، ناوبراو دانیشتووی قەزای ئامێدییە، هەروەها لەسەر تەریقەتی نەقشبەندیش بووە.

## خانەقای بامەڕنی

مێژووی خانەقای بامەڕنێ مێژوویەکی پرشنگدار و دێرینی لە ناوچەی بەهدینان هەیە، (شێخ موحەممەدی بامەڕنی نەقشبەندی ١٨١٢-١٨٩٠ز) دامەزرێنەری خانەقاکەیە، هەر لە مێژووی پەیدابوون و سەرهەڵدانی خانەقا و تەکیەکانی کوردستان پرسی یارمەتیدان و پێشکەشکردنی خۆراک (خواردن) بۆ خەڵکی ڕێبوار، لێقەوماو، سۆفی و دەروێشەکان هەم نەریت و هەمیش کارێکی ڕۆژانەی باو بووە، بۆیە زۆربەیان پشتیان بە یارمەتی خەڵکی خۆجێی و هەڵگرانی ڕێبازی سۆفیگەری بە هەر دوو ڕێبازی باو (قادری و نەقشبەندی) لە ناوچەکانیان بەستووە، بە تایبەتیش خاوەن سەرمایە و بازرگانەکان

(دەوڵەمەنــدەکان)، هەرچەنــدە ئیمپراتۆریەتــی عوســمانیش بەپێــی توانایــی یارمەتــی هەمەجــۆری پێشکەشــکردوون، بــەڵام ئــەوەی لــەم بەڵگەنامەیــەدا زۆر ســەیرە برینــی یارمەتــی داراییــە بــۆ تەکییــە و خانەقاکانــی (نەقشــبەندی) و (کەیهــان؟) لــە قەزاکانــی ئامێــدی و زاخــۆ و مووســڵ، ئەمــەش بەپێــی نووســراوێکی شــوورای دەوڵــەت بــۆ ســەرۆکایەتی ئەنجوومەنــی وەزیرانــی عوســمانی ڕۆژی ٤ی ئابــی ١٨٧٦ز، تێیــدا داوای کــردووە بــڕی (١٨٣٨٦) قــروش ببڕێــت، چونکــە کۆکــراوەی دوو ســاڵ و نیــو بــووە، لــە ئــاداری ١٨٧٤ز تــا ئابــی ١٨٧٦ز، هەرچەنــدە ئەوەشــی بیرهێناوەتــەوە، کــە پێویســت بــووە لــە ســاڵانی ١٨٦٦- ١٨٦٧ز بــڕی تەرخانکــراو بــۆ هــەردوو تەکییــە و خانەقــای کەیهــان و نەقشــبەندی ببڕرابووایەتــەوە، واتــە: دە ســاڵ لــە پێــش نووســینی ئــەم ڕاپۆرتــەی شــوورای دەوڵــەت بــە پێویســت زانــراوە خۆراکــی ئــەم تەکییــە و خانەقانەیــان نەدرابووایــە.

بــۆ چارەســەرکردنی ئــەم کێشــەیەش ڕۆژی ٦ی ئابــی ١٨٧٦ز ســەرۆک وەزیرانــی عوســمانی (موحەممــەد ڕوشــدی پاشــا) ڕاپۆرتەکــەی شــوورای دەوڵەتــی خســتووەتە بەردەمــی ســوڵتان (مــورادی پێنجــەم ٣٠ی ئایــار-٣١ی ئابــی ١٨٧٦) بــۆ ئــەوەی فەرمانێکــی ســوڵتانی دەربچوێنێــت، هەرچەنــدە ئــەو ســاتەوەختەی ئــەم داواکارییــە دراوەتــە ســوڵتانی ناوبــراو، خــۆی لەبــەردەم ئاڵنگارییەکــی گــەورەدا بــووە، چونکــە دوای نزیکــەی (٢٥) ڕۆژ لــە عەرشــی ئیمپراتۆریەتــی عوســمانی دووردەخرێتــەوە و براکــەی بــە نــاوی (ســوڵتان عەبدولحەمیــدی دووەم ١٨٧٦-١٩٠٩ز) دەبێتــە ســوڵتانی عوســمانی، بۆیــە بڕیــار لــە ســەر برینــی خۆراکــی هــەردوو خانەقــا و تەکییەکــە بــە نادیــاری دەمێنێتــەوە!

ســەرەڕای هەبوونــی پێوەنــدی کۆمەڵایەتــی (خزمایەتــی)، ئایینــی و ڕۆحــی (هەڵگرانــی ڕێبــازی سۆفیگەری) لــە نێــوان خەڵــک و زانایــان، بەتایبەتــی شــێخانی تەریقــەت، بــەڵام لەهەمــان کاتیشــدا ئــەو پێوەندییــە لــە ئاریشــە و کێماســی دوو لایەنــە بــەدەر نەبــووە، بەپێــی مەزبەتەیەکــی خەڵکــی (سەرســەنگ)(١٥) بــە واژۆی نوێنەرەکەیــان بــە نــاوی (عەبدولســەلام) بــۆ ســەرۆکایەتی ئەنجوومەنــی وەزیرانی عوسمانی، لە ڕۆژی دووشــەممەی ١٣ی ئابی ١٨٨٨ز تێیــدا داوای کــردووە کێڵگــەی (سەرســەنگ) یان پــێ بدرێتــەوە، کە لەلایــەن (شــێخ موحەممــەدی بامەڕنــی) دەســتی بەســەردا گیرابــووە، بۆیــە هــەر لــەم مەزبەتەیــەی بــە تەلەگرافێــک بــۆ حکوومەتــی عوســمانیان نــاردووە، دوو شــتیان بــە بیرهێناونەتــەوە. **یەکــەم:** بــە مێــژووی ٢٠٠ ســاڵ، خاوەندارێتــی کێڵگەکــە بــۆ بــاب و باپیرانیــان دەگەڕێنــەوە. **دووەم:** پێشــووتر ســکاڵایان بــە بەرپرســانی ســەنجەقی هــەکاری داوە، بــەڵام هیــچ ئەنجامێکــی نەبــووە، بۆیــە ڕوویــان لــە ســەرۆکایەتی حکوومەتــی عوســمانی لــە ئیستەنبوڵ کــردووە، لەبــەر ئــەوە فەرمانگــەی تۆمــاری قەڵەمــی وەزارەتــی ناوخــۆی عوســمانی، نووســراوێکی لــە ڕۆژی ســێ شــەممە ٢٨ی ئابی ١٨٨٧ بــۆ ویلایەتــی وانــی نــاردووە، تێیــدا ئــاگاداری کردوونەتــەوە نوێنــەری خەڵکــی (سەرســەنگ) مەزبەتەیەکــی گەیاندووەتــە ســەرۆکایەتی حکوومــەت لــە ئیســتانبوڵ، دەربــارەی ئــەو کێڵگەیــەی لەلایــەن شــێخی ناوبــراوەوە دەســتی بەســەردا گیــراوە، بــەڵام لەلایــەن کاربەدەســتانی ســەنجەقی هــەکاری (ئەوکاتــی ئامێــدی قەزایــەک بــووە لــە چوارچێــوەی ســەنجەقی هــەکاری تــا ســاڵی ١٨٩٣ز) وەڵامــی ســکاڵاکەی خەڵکــی گونــدی ئاماژەپێکراویــان نەداوەتــەوە، هــەر بۆیەشــە داوای لــێ کردوون لێکۆڵینــەوە لــەو سکاڵایە بکەن و ڕاستییەکان ڕوون بکرێنــەوە و دەرئەنجامەکانی هــەر چییــەک بــن، ئــەوە جێبەجێبکرێــن و دواتریــش بــە ســەرۆکایەتی

**حکوومـەت و وەزارەتـی ناوخـۆی ڕابگەیەنـن.**

**سـەرەڕای کێشـەکەی گونـدی (سەرسـەنگ)، ئـەوە کێشـەیەکی تریـش ڕووبـەڕووی خانەقـای (بامەڕنـی) بووەتـەوە، کاتێـک کۆمەڵێـک کـەس لـە دانیشـتووانەکەی هێـرش دەکەنـە سـەر گوندەکانـی ناحیـەی داودیـەی(١٦) مەسیحینشـین، لەئەنجامـدا دوو کـەس برینـدار دەبن و مـاڵ و سـامانێکی دیـاری نەکراویش تـاڵان دەکرێـت، ئەمـە وەزارەتـی ناوخـۆی عوسـمانی هێناوەتـە سـەر هێـڵ بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکە، ڕۆژی هەینـی ٢٥ی ئابـی ١٨٩٥ز، فەرمانگـەی قەڵەمـی نهێنـی وەزارەتەکـە داوای لـە ویلایەتـی مووسـڵ کـردووە ئـەو کێشـەیە چارەسـەر بـکا، هەروادیـارە ئـەم کێشـەیە زۆرتـر پـەرەی سـەندووە، کاتێـک (شـێخ عەلائەددیـن کـوڕی شـێخ موحەممـەد نەقشـبەندی بامەڕنـی)، سـکاڵایەکی قانوونـی لەسـەر پەتریارکـی کلدانـی (عەبـدی یَسـو) تۆمارکـردووە، هەروەهـا داوای قەرەبووکردنـەوەی زەرەر و زیانەکانـی (لـە ڕووی مـاددی و مەعنەوییـەوە دیـاری نەکـراوە) لـە ناوبـراو کـردووە، بـەڵام دواتـر شـێخی بامەڕنـی لـە داواکارییەکـەی خـۆش بـووە و ئاشـتەوایی لـە نێـوان موسـوڵمان و مەسـحییەکانی ناوچـەی بامەڕنـی و دەوروبـەری بەرپاکـردووە، ئەمـەش بەپێـی نووسـراوێکی شـوورای دەوڵـەت کـە ڕۆژی شـەممەی ٧ی ئابـی ١٨٩٧ز تۆمارکـراوە.**

**پەراوێزەکان:**

(١) حاجـی شـێخ جوبرائیـل: ناسـراو بـە مـەلا جوبرائیلی نپاخیَ، لـە سـاڵی ١٢٦٨ک -١٨٥١-١٨٥٢ز کۆچـی دوایـی کـردووە، گونـدی نپاخـیَ: دەکەوێتـە ناحیـەی دینارتـە، لـە قـەزای ئاکـریَ لـە پارێزگـەی دهـۆک، ئـەم گونـدە سـەر بـە هـۆزی زێبارییـە، بۆیـە ئـەو سـیَ گوندەی بـە شـێوازی مالیکانـە بـە شـێخی ناوبـراو دراون و دواتـر لەبارەیانـەوە دەنووسـین، لەکاتـی خـۆی و ئێستاشـدا دانیشـتووانی گوندەکـە سـەر بـە هـۆزی زێباریـن.

(٢) گونـدی شـەرمق = شـەرمن: گوندێکـە لـە ناحیـەی ئاکـریَ، لـە قـەزای ئاکریَ لـە پارێزگـەی دهـۆک.

(٣) گونـدی چەزبـە = خرپـیَ ژێـری (زێبـاری): گوندێکـە لـە ناحیـەی ئاکـریَ، لـە قـەزای ئاکـریَ لـە پارێزگـەی دهـۆک.

(٤) گونـدی ئاسـماوە = ئیسـماوە: گوندێکـە لـە ناحیـەی گردەسـێن، لـە قـەزای ئاکریَ لە پارێزگـەی دهـۆک.

(٥) زۆرجـار نـاوی گونـدەکان بـە ڕێنووسـی عوسـمانی بـە شـێوەیەکی دروسـت، یـان هەڵـە نووسـراون، بۆیـە وەک لێکدانـەوە، گـەڕان بـە نێـو سـەرچاوەکاندا، هەروەهـا دوای پـرس و ڕاوێـژ بـە پسـپۆڕان نـاوی گونـدەکان سـاغ کراونەتـەوە، گونـدی تریـش لـە سنوورەکەدا بـە هەمـان نـاو هـەن، وەک: گونـدی (جەزپـە= خرپـیَ ژووری) سـەر بـە عەشـیرەتی هەرکییـە، هەروەهـا گوندەکانـی ئیمسـاوای میرزا و ئیمسـاوای وەیسـیش هـەن، بەڵام سـەر بـە عەشـیرەتی گۆرانـن، لـە قـەزای ئاکـریَ لـە پارێزگـەی دهـۆک، هـەر بۆیـەش کاتـی خـۆی ئـەم سـیَ گونـدەی لـە بارەیانـەوە نووسـرا سـەر بەیـەک هـۆز بوونـە و دراونەتـە (حاجـی شـێخ جوبرائیـل) بـە شـێوازی مالیکانـە لـە قـەزای ئامێدی ئـەو کاتـدا، چونکـە هـۆزی زێبـاری لـەڕووی شـێوەی پێکهاتنـی کۆمەڵایەتـی میرنشـینی ئامێدی، لـە ڕووی ژمـارەی دانیشـتووان و هێـزی سـەربازییەوە هۆزێکـی سـەرەکی بـووە.

(٦) شێخ موحەممەد ئەفەندی: ئەمە شێخ موحەممەدی کوڕی شێخ تاهیری بامەڕنی نەقشبەندی بووە، لە ماوەی ساڵانی ١٨١٢-١٨٩٠ز ژیاوە، دوای کۆچی دوایی باوکی (شێخ تاهیری بامەڕنی) بوو بە جێگەدار و جێنشینی باوکی، لە هەردوو شارۆچکەی بامەڕنی و شاری مووسڵ دادەنیشت، کاتێک بامەڕنی بەجێ دەهێشت بۆ مووسڵ دەچوو، کوڕەکەی (شێخ بەهائەددین نەقشبەندی) لە شوێنی دادەنیشت، هەرکاتێشکیش شاری مووسڵی بەرەو بامەڕنی بە جێهێشتبووایە، ئەوە کوڕەکەی (موحەممەد سەلیم نەقشبەندی) لە شوێنی دادەنیشت، ئەم زاتە ناووناوبانگێکی زۆر باش و چاکی لە ناوچەی بەهدینان و شاری مووسڵ و دەردۆری هەبوو، خەڵکێکی زۆر لە رووی مەعنەوی و زانستییەوە سوودیان لە خۆی و جێگەدارەکانی وەرگرتووە.

(٧) قاسم ئەفەندی: ناسراو بە قاسمی نابینا، قاسم کوڕی موحەممەدی کوڕی عومەری کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عیمادەددینی مایی، یەکێک لە زانا ناودارەکانی ناوچەی بەهدینان، بەتایبەتی قەزای ئامێدی و بەرواری باڵا لە نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بووە، هەڵبەت ناوبراو دەرچووی قوتابخانەی (مایی)ی بەناوودەنگە، ساڵی لە دایکبوونی دیار نییە، بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکانی عوسمانی ساڵی ١٨٦١ز کۆچی کردووە.

(٨) عەبدولرەحمان ئەفەندی: عەبدولرەحمان کوڕی موحەممەدی کوڕی عومەری کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عیمادەددینی مایی، لە قوتابخانەی زانستە شەرعییەکانی (مایی) خوێندوویەتی، هەرچەندە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی بە (کوڕەبرا - برادەرزادە)ی (قاسم ئەفەندی) ناسێنراوە، بەڵام دوای وردبوونەوە لە سەرچاوە و ژێدەرەکانی تایبەت بە ژیاننامەی زانایانی کورد، ئەوە دەرکەوت (عەبدولڕەحمان ئەفەندی و قاسم ئەفەندی) هەردووکیان برای یەکتری بوونە، چونکە بەڵگەی هەرە بەهێزیش ئەوەیە (عەبدولڕەحمان ئەفەندی) دوو کوڕی هەبوونە و لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا زۆر بەناوبانگ بوونە و خاوەن بەهرەی زانستی و ئەدەبی بەرز بوونە، ئەوانیش (تەها ئەفەندی و موحەممەد تاهیر ئەفەندی)ین، بەڵگەی بەهێزتریش ئەوەیە، (تەها ئەفەندی کوڕی عەبدولڕەحمان ئەفەندی) لە سەرەتادا لەلای مامی خۆی (قاسمی نابینا) خوێندوویەتی، هەروەها ئاساییشە لە کاتی نووسینی بەڵگەنامەکەدا هەڵەیەکی وا کەوتبێتەوە و لە جیاتی نووسینی دەستەواژەی برا، کوڕەبرا نووسرابێت، ئەوجا بەمەبەست بووبێت یان نا!

(٩) گوندی مایی: لە ناحیەی کانی ماسی لە قەزای ئامێدی پارێزگای دهۆکە، بەپێی ناواخنی بەڵگەنامەکە دەبێت گوندی (مایی موسڵمانان) ناوچەی بەرواری باڵا بێت، چونکە لەهەمان ناوچەدا گوندی (مایی فەلا)نیش هەیە، هەڵبەت وەرگێڕی بەڵگەنامەکە کەوتۆتە هەڵەیەکی بچووک، بۆ نموونە: لە بەڵگەنامەکەدا نووسراوە (گوندی مائی)، ئەو بە گوندی (مالی) وەریگێڕاوە!

(١٠) تەها ئەفەندی: تەها کوڕی عەبدولڕەحمان کوڕی موحەممەدی کوڕی عومەری کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عیمادەددینی مایی، ساڵی ١٢٥٩ک - ١٨٤٣ - ١٨٤٤ز لە گوندی (مایی) لە دایک بووە، لەلای باوکی و مامی بە ناوی (قاسمی نابینا) خوێندوویەتی، دواتر چووەتە ناوچەی (ئەترووش)، لەلای (مەلا عەبدولهادی) نەوەی (مەلا یەحیای مزووری) و دواتریش بۆ تەواوکردنی دەرسەکانی و وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی چووەتە خزمەتی (مەلا عەبدوڵڵای عومەر)ی

سەرۆکی زانایان لە شاری مووسڵ، بۆیە دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی گەڕاوەتەوە گوندەکەی و بە قازی ناوچەی بەرواری باڵا دامەزراوە، ئەم زانایە کۆمەڵێک دانراوی هەیە، وەک: قلائد الفرائد في العقائد، منهاج الوصول، لەهەمان کاتیشدا دەستێکی باڵای لە نووسینی شیعر بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی هەبووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە (شێخ موحەممەدی بامەڕنی) وەرگرتووە و لە ساڵی ١٣٣٧ک - ١٩١٨ - ١٩١٩ز کۆچی دوایی کردووە، بەڵام دوای مردنەکەی لە شەڕ و نائارامییەکانی ناوچەی بەهدینان، بە تایبەتی لە ساڵی ١٣٤٣ک- ١٩٢٤ - ١٩٢٥ کتێبخانەکەی لە سەر دەستی سپای ئینگلیزی داگیرکەر سووتێنرا، هەڵبەت هەندێک لە سەرچاوە و ژێدەرەکان ئاماژە بە کۆنیی کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیەی گوندی (مایی) دەکەن، کە مێژووەکەیان بۆ خاوەنداریەتی هەندێک کەس لە خانەوادەی عەبباسییەکان دەگەڕێننەوە، لە دوای ئەوەی لە ناوچەی بەهدینان نیشتەجێ دەبن و دواتریش لەناودەچن.

(١١) مەدرەسەی زانستی گوندی مایی: ئەم قوتابخانەیە لەسەردەستی (قوباد بەگی کوڕی سوڵتان حوسێن وەلیی ١٥٧٣ - ١٥٨٣ز) بۆ زانستخوازانی زانستە شەرعییەکان بنیادنراوە، هەروەها بۆ جارێکی تریش لە سەردەمی (زوبێر پاشای کوڕی سەعید پاشای ١٧٠١ - ١٧١٤ز) میری میرنشینی ئامێدی نۆژەن کراوەتەوە، ئەم قوتابخانەیە لە خزمەتە زانستییەکانی بەردەوام بووە تا ڕۆژی سووتاندنی لە ئاژاوەیەکی ناوخۆیی ناوچەکەدا لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٤ - ١٩٢٥ز. چەند زانایەکی ناوداری ناوچەی بەهدینان دەرچووی ئەم قوتابخانەیە بوونە. لەوانە: مامۆستا مەلا حامدی کوڕی عەبدولکەریمی مایی و مامۆستا مەلا قاسمی مایی.

(١٢) گوندی بامەڕنی: ناوەندی ناحیەی (بامەڕنی)ییە لە قەزای ئامێدی پارێزگەی دهۆک، بە نزیکەی (٢٠) کیلۆمەتر لە شاری (ئامێدی)یەوە دوورە، هەڵبەت لە ٢٪ گوندەکە لە نەتەوەی کلدانن و لە ٩٨٪ لە نەتەوەی کوردن!

(١٣) شێخ بەهائەددینی شێخ موحەممەدی بامەڕنێ: کوڕی شێخ موحەممەدی بامەڕنی بووە، بەپێی کتێبی (مذكرات سادات شوش) پشتبەستوو بە دەستنووسەکانی ساداتی شووش لە ئاکرێ، نووسراوە لە ساڵی ١٢٦٧ک -١٨٥٠ - ١٨٥١ز لەدایک بووە و بەپێی هەندێک سەرچاوەی تریش نووسراوە لە ساڵی ١٨٥٥ز لەدایک بووە، هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە لەسەردەستی باوکی بە زمانی عەرەبی فێری نووسین و خوێندن بووە، هەروەها لە سەر خواستی دایکی لە تەمەنی شەش ساڵی لەگەڵ باوکی بۆ گوندی بامەڕنی گەڕاوەتەوە بۆ فێربوونی نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی، ئەم زاتە؛ لە دوای مردنی باوکی ناتوانێت خوێندنی زانستە شەرعییەکان تەواو بکات، چونکە لە شوێنی باوکی دادەنرێت، بەڵام پەیگیرییەکی تەواوی بە تەریقەت و ڕێنمایی و خۆپەروەردەکردنی ڕۆح و سلووکی تەریقەتەوە هەبووە، ئەم کەسایەتییە چەند تایبەتمەندییەکی جیاوازی لە سەردەمی خۆی هەبووە، لەوانە: هاندانی گەنجان بۆ خوێندن و خوێندەواری و پێوەندیکردنیان بە زانکۆ و کۆلێژەکان لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی نوێ، بۆ ئەوەی ژمارە و سەنگ و هێزی کورد، بۆ ئامادەیی لە ناو دەوڵەت هەبێت، ئەمەش بە ئامانجی خزمەتکردنی گەلی کوردستان بووە، هەروەها مۆڵەتی خەلیفایەتی تەریقەتی تەنیا بەو کەسانە داوە، کە ئیجازەی مەلایەتییان هەبووە و تەریقەتی

بە قوتابیانی قوتابخانەکان (ناوەندی و ئامادەیی) نەبەخشیوە، بەڵکوو ڕاسپاردەی ئەوەی هەبووە بۆیان کە لە خواترس بن و پەرستشەکانی خۆیان بە جوانی جێبەجێ بکەن. هەڵبەت ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٢ز لە گوندی بامەڕنێ کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە.

(١٤) تاهیری ئەفەندی: موحەممەد تاهیر کوڕی عەبدولڕەحمان کوڕی موحەممەدی کوڕی عومەری کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عیمادەددینی مایی و ناسناوی (زیائەددین) بووە، بەڵام لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی بە ناوی (موحەممەد تاهیر ئەفەندی چەلەبی زادەش) ناوی هێنراوە، ئەم زانایە برایەکی لە خۆ گەورەتریشی هەبووە و پێشتر ئاماژەی پێ کرا، بە ناوی (تەها ئەفەندی)، بەڵام لەو کتێبەی مامۆستا مەلا (طاهیری بەحرکەیی: مێژووی زانایانی کورد، بەرگی ٢) ناوی سیانی ئەم دوو زانایەی لە نازناوی خۆیان و نازناوی باوکیان بە جیاواز نووسیوە، بەڵام ئەم دوو زانایە لەم وتارەدا ناویان هاتووە بران، بەهەرحاڵ (مەلا موحەممەد تاهیری مایی) یەک لە مەلا چاکەکانی سەردەمی خۆی بووە، لە شارەکانی سلێمانی، جزیرێ بۆتان، دیاربەکر و مووسڵ خوێندوویەتی، هەتا قوتابی براگەورەکەی (مامۆستا مەلا تەها ئەفەندی)یش بووە، هەروەها سێ دانراوی پڕ بایەخی لە زانستەکانی سەرف و ئاداب و نەحوودا هەبووە کە ئەمانەن: (التذكرة) لە ساڵی ١٨٩٦ - ١٨٩٧ لە گوندی مایی تەواوی کردووە، (مرقات الطلاب) و (التبصرة) لە شێوەی ئەلفییەی مالیکییە، لە ساڵی ١٨٨٩ - ١٨٩٠ز تەواوی کردووە و لە ١٨٩٧ - ١٨٩٨ز بۆ جارێکی نووسیویەتییەوە، هەروەها ناوبراو دەستی نووسینی شیعریشی بە زمانی عەرەبی هەبووە، چونکە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، لە ساڵی ١٩٠٤ز ئاماژە بەوە کراوە، کە خەڵاتی ناوبراو بە تەرخانکردنی مووچەیەک بکرێت، ئەمەش لە پای نووسینی شیعرێک بە زمانی عەرەبی بە بۆنەی لە ساڵیادی دایکبوونی (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم). هەڵبەت مامۆستا مەلا تاهیر مایی لە ساڵی ١٩١٥-١٩١٦ز کۆچی دوایی کردووە.

(١٥) سەرسەنگ: سەنتەری ناحیەی (سەرسەنگ)ـە، لە قەزای ئامێدی لە پارێزگەی دهۆک، هەروەها (١٨) کیلۆمەتر لە ناوەندی شاری ئامێدی دوورە.

(١٦) داودیە=داودیێ: ئێستا گوندێکە لە ناحیەی بامەڕنی لە قەزای ئامێدی لە پارێزگەی دهۆک.